# بەم شێوە كار بۆ هونەرەكەم دەكەم، بەشێكیش لە گۆرانی بێژان پێیانوایە بە شێوەیەكی تر دەبنە هونەرمەند




هونەرمەند ( سروود حاتەم ) یەكێكە لەو هونەرمەندانەی كە توانیویەتی بە چەند گۆرانیەك هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقا ئاشنا بكات بە كارە هونەرییەكانی، هونەرمەند لە ساڵی ١٩٩٨ دەستی بە كاری هونەری كردووە تاكو ئێستا ( ٤ ) سروودی نیشتمانی و ( ١٠ ) گۆرانی تۆماركردووە ، كە هەموومان ئاشناین بە كلیپە جوانەكانی و رۆژانە لە شاشە TV یەكان پەخش دەكرێت، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی هونەری دەگەرێتەوە بۆ ( ١٠ ) ساڵ بەڵام بەرهەمەكانی زۆرنین، ئەو پێیوایە كاركردن بۆ گۆرانیەك پێویستی بە زەمەنێكی زۆر هەیە بۆ ئەوەی دواجار پێی بڵێن بەرهەمێكی پێ گەیشتوو،زۆری بەرهەمەكانی گۆرانی بێژێك لە ماوەی چەند ساڵێك، دواجار كاردانەوەی سلبی دەبێت بۆ خزمەت كردنی هونەرەكەی خۆی و هونەری وڵاتەكەی،بۆ ئەوەی لە نزیكەوە زیاتر بخزێینە نێو كارەكانی، بەم شێوەیە هاتە دواندن.

دیمانە / رێژنە عومەر ـ هۆڵەندا

★ رێژنە .: سروود بۆچی لە ئاوێنەی گۆرانی گوتندا خۆی دەبینێتەوە ؟

★ سروود .: بێگومان هەموو مرۆڤێك بەهرەیەكی لێ بەدی دەكرێت جا هەركەسە و بە شێوازێك لە بوارەكانی ژیاندا، بۆیە منیش لەم بوارە خۆم دەبینمەوە دواجاریش تێگەییم رووخساری دروشاوەی

گۆرانی له داهێناندایه داهێنانیش پێویستی به ماندبوونێکی بێپایان هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ببێته ئاوێنه‌ی گورانی گوتن.

★ ڕێژنه .: تۆ له دیمانه‌کان باست کردووه که له سالآنی ١٩٩٨-١٩٩٩ ئاشنابووی به روحی هونه‌ر،ده‌کرێت بزانین چۆن توانیت ده‌ستپێکت بکیته ئه‌مرۆی هونه‌ره‌که‌ت ؟

★ سروود .: له‌و کاته‌ی تێروانینم گه‌ش بوو بۆ ئه‌وه‌ی بتوانم گۆرانی بلێم، نه‌بێته هۆی شێواندنی (روحی هونه‌ر) ئه‌مه‌ش به پالپشتی که‌سانی خاوه‌ن ئه‌زموون له بواری هونه‌ری که توانییان هونه‌ره شیاوه‌که‌م بۆ ده‌ستنیشان بکه‌ن، ئه‌مرۆی هونه‌ره‌که‌شم دوواجار له‌م مێژووه هونه‌ریه‌مدا که بۆ ١٠ سال ده‌چێت، پێموایه ئه‌وه‌ی کردوومه زۆر زۆره، نه‌ك له‌به‌ر ئه‌وه‌ی من ئێستا هونه‌رمه‌ندم به‌لكو كاركردن بۆگۆرانیه‌ك پێویستی به زه‌مه‌نێکی زۆر هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی پێی_بلێن گۆرانیه‌کی پێ گه‌یشتوو، زۆری به‌رهه‌مه‌کانی گۆرانی بێژێك له ماوه‌یه‌کی کورتدا، دوواجار کاردانه‌وه‌ی سلبی ده‌بێت بۆ خزمه‌ت کردنی هونه‌ره‌که‌ی خۆی و هونه‌ری ولاته‌که‌ی.

★ ڕێژنه .: ئایا گۆرانی گووتن به زه‌روریه‌تی ژیان ده‌زانی ؟

★ سروود .: به‌لێ روحی ژیان هونه‌ره، به‌لام له ژێر کاریگه‌ری نه‌ته‌وه‌که‌ت، بۆ نمونه هه‌موو گه‌لێك هه‌ولده‌دات کلتور و سیاسه‌ت و ئایده‌لۆژیایی خۆی فه‌رزبکات، له هه‌موشیان گه‌روه‌تر لای من هونه‌ره، هه‌روه‌ك (ناپلیۆن) ده‌لێت ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێت گه‌لێك بشێوێنی ئه‌وه هونه‌ره‌که‌ی بدزه، بۆیه لای من گۆرانی گووتن سه‌رچاوه‌ی ژیانێکی جوانی و عاشقی و ئه‌به‌دیه .

★ ڕێژنه .: کاریگه‌ری کام هونه‌رمه‌ندت له‌سه‌ره، یاخود لاسایی کام هومه‌رمه‌ند ده‌که‌یته‌وه ؟

★ سروود .: ئه‌وانه‌ی پێش خۆم قوتابخانه‌یه‌ك بوون بۆ پێکه‌یاندنی ئه‌مرۆی هونه‌ری کوردی، که‌وایه لاسایی کردنه‌وه ده‌چێته‌وه هه‌مان قوتابخانه که تیاییدا په‌روه‌رده بوی، ئه‌وه وه‌کو ناسینه‌وه‌ی هونه‌ری نه‌ته‌وه‌که‌ت، به‌لام ئه‌مرۆ ئێمه‌ی هونه‌رمه‌ندان پێویسته به‌پێی پرۆفشنال و پێشکه‌وتن له کاری هونه‌ری جیهانی کاری خۆمان ئه‌نجام بده‌ین، به‌لام به مه‌رجێك نه‌بینه لاسایی یاخود کۆپی هونه‌ری دراوسێ و فه‌رزی بکه‌ین له‌سه‌ر کلتوره‌که‌مان، به‌لکو ده‌بێت سودمه‌ندبین له هونه‌رمه‌ندانی دراوسێ و جیهان و به‌کارهێنانی کاره هونه‌ریه‌کانی هونه‌رمه‌ندانی پێشه‌نگ تاکو بتوانین داهێنانی خۆمان بکه‌ین.

★ ڕێژنه .: که‌ی به گۆرانیه‌ك ده‌وترێت داهێنان؟

★ سروود .: پێموایه ئه‌و پرسیاره ده‌گه‌رێته‌وه بۆ ئه‌و هونه‌رمه‌نده‌ی که به کاره‌که‌ی هه‌لده‌ستێت و داهێنانیش له‌وه به‌دی ده‌کرێت، گه‌ر هاتوو ئه‌و تێکستێکی پوختی هه‌لبژارد پاشان ئاوازێکی خاوێن و ره‌سه‌ن له‌لایه‌ن ژه‌نیارێکی پسپۆر دابه‌شکردنی مۆسیقای بۆ بکرێت، ئه‌وکاته شیاوه بۆ ئه‌وه‌ی بیداته سیناریستێك بۆ ئه‌وه‌ی کاری کلیپی بۆ ئه‌نجام بدات، بۆیه باسی کلیپم کرد له‌م سه‌رده‌مه پێویسته گۆرانکاری له کاری وێنه‌گرتن و مۆنتاژی کلیپه‌کانیش بکرێت بۆ ئه‌وه‌ی ته‌کانێك به شاشه کوردیه‌کان بدرێت له رووی کلیپه‌وه .

★ ڕێژنه .: پێتوایه شیعر چۆن له‌ناو گۆرانی وتندا خۆی ببینێته‌وه ؟

★ سروود :. زۆرێك لە هونەرمەندان لە كاتی دروستكردنی گۆرانیەك تیڕوانینیان روونە بەرامبەر بە هەڵبژاردنی شیعر، بەڵام بەداخەوە زۆرجاریش (ئەدا) و ئاواز مۆسیقایەكی پوخت بەدەم شیعرێكی سەقەت سەما دەكەن، من هەمیشە دەڵێم بەردەوام شیعر مافی خوراوە لەوەی كۆمەڵێك هونەرمەند هەڵیدەبژێرن پێی دەڵێن شیعر بە چەمكە گشتیەكەی زۆری شیعرە سەقەتەكان ئەوانی جاكیشن شاردراینەوە، لای جەماوەر و هەوادارانی هونەر، بەكورتی شعر دەبێت مانای تەواو ببەخشێت بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لەسەر مفهومی ئەو شیعرە لە گۆرانیەكدا كورتە فلیمێك بەرهەم بهێنیت.

★ رێژنە :. بەرێزتان وەكو هونەرمەندێكی لاو لە میدانەكە چۆن دەڕوانیتە هونەری ئەمڕۆی كوردی هونەرمەندان چیبكەن باشە؟

★ سروود :. بە شێوەیەكی گشتی پێشكەوتن لە بواری مۆسیقا لەم قۆناغەدا باشە دەتوانم بڵێم ئێستا زۆرێك لە میوزك ژەنە لاوەكان تەكنیك و پەنجەیەكی باشیان هەیە، لە رووی كاری دەنگیشەوە لە هەموو كوردستان چەند ستۆدیۆیەكمان هەیە كە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوانیش تا ئاستێك كاری پوختیان كردووە، بەڵام بەشێكی زۆر لە گۆرانی بێژان كاری لاساییان كردۆتە پیشەی هونەرەكەیان ئەگەر تێكستەكە كوردی نەبێت هەر نازانی ئەوە مۆسیقای كوردیە، بەداخەوە ئەوەش بۆ كلتوری وڵاتەكەمان دوای چەند ساڵێك هەست بە زەرەرێكی گەورە دەكەین، چونكە چۆن پێشمەرگەیەك بەرگری لە خاك و وڵاتەكەی دەكات پێویستە هونەرمەندیش بەم شێوەیە سۆزو خۆشەویستی بۆ كلتورەكەی و هونەرە رەسەنەكەی هەبێت.

★ رێژنە :. دۆستایەتیت چۆنە لە گەڵ هونەرمەندان كام لە هونەرمەدانیش هاورێتە؟

★ سروود :. دۆستایەتی و هاورێیەتیم بەگشتی زۆر باشە لە گەڵ هونەرمەندان بە تایبەتی هەولێر، لە گەڵ زۆربەشیان هاورێم.

★ رێژنە :. كێن ئەوانەی لە CD رابردوو هاوكاریان كردی بۆ ئەوەی ئەو كارە جوانانە پێشكەش بكەیت ؟

★ سروود :. بەراستی زۆرێك لە هاورێیەكانم بەم كارەكانم ماندووبوون، سوپاسیان دەكەم، لایەنە هونەریەكانیشی مامۆستایی خۆشەویستم (جەمیل سنجاوی) سەرجەم ئاوازەكانی بۆم رێكخست و خاوێنی كردووە بەشێكی زۆری ئاوەزەكانیش هی ئەوە، جگە لەوەش زۆر هاوكاری كردووم بۆ ئەوەی بەرچاوم روون بێت لە هەڵبژاردنی گۆرانیەكان و چۆنیەتی كاركردن، بۆیە لێرەوە زۆر سوپاسی دەكەم كە توانی ئەمڕۆی من درووست بكات، برای زۆر بەرێزم مامۆستا (جەمال جەمیل) ئەمیش بەهەمان شێوە بەشێكی زۆری گۆرانیەكانم كاری دابەشكردنی بۆ كردووە، لە رووی شیعریشەوە برایان (فارووق هەژار، سەردار حەمەد، شێرزاد شەیدا بندیان) ئەمانەش بەمنەوە ماندووبوون، زۆرن ئەوانەی هاوكاریان كردووم بۆیە سوپاسی هەموویان دەكەم بە داوای لێبوردن ئەگەر هەندێك ناوم بیرچووبێ.

★ رێژنە :. هەوادارانی هونەر چاوەرێی كاری تازە لە هونەرمەند (سروود حاتەم) دەكەن تۆش ماوەیەكی زۆرە كارت نەكردووە هۆكاری كار نەكردن چیە؟ بە نیازی چیت ؟

★ سروود .: پێموایە کارکردن لە سەر هەر بوارێك دەبێت داهێنانێکی تێدابێت، ئێستا کۆمەڵێك گۆرانیم ئامادە کردووە کە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت کاریان بۆ دەکەم تەنها بۆ ئەوەی دەتوانم شتێکی تازە بکەم، یان دەتوانم مافی خۆی پێ بدەم، دیارە دواجار توانیم بەشێك لەم ئاواز و شیعرانە هەڵبژێرم بۆ ئەوەی بگەێنمە قۆناغی تۆمارکردن، لەبەر ئەوەی بەراستی بڕیاردان لەسەر تۆمارکردنی گۆرانیەك هەروا بە ئاسانی نابێت، چونکە کاری باش دەمێنێتەوە ئەمیش پێویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی تەنها یەك گۆرانی باشت هەبێت چاکترە لە ١٠ گۆرانی خراپ، بەداخەوە زۆرێك لە گۆرانی بێژان پێیانوایە دەبێت هەموو ساڵێك CD ئامادە بکەن جا هەر چۆنێك بێت گرنگ نیە، بۆیە من بەم شێوەیە کار بۆ هونەرەکەم دەکەم، بەشێکیش لە گۆرانی بێژان پێیانوایە بەم شێوەیە دەبنە هونەرمەند.

★ رێژنە .: دەکرێت ئاماژە بە چۆنیەتی کارکردنی ئەمجارەت بدەیت، کێن ئەوانەی بەشداریان کردووە لەم کارانەت ؟

★ سروود .: بڕیارمداوە لە کۆی ١٥ گۆرانی چوار گۆرانی تۆمار بکەم لە ستۆدیۆ باشەکانی کوردستان، شێوازی کارکردنەکەشم پیلانی بۆ داڕێژراوە لە ئایندەیەکی نزیك بە هاوکاری چەند هاورێیەکەم لە مەجالی هونەری کاریان بۆ دەکەم، پێکهاتەی گۆرانیەکانم لە چەند مەقامێکی جیاواز خۆی دەبینێتەوە، لەوانە (غوربەتە ئێرە) لە ئاواز و هۆنراوەی خۆمە و دابەشکردنی مۆسیقا لە لایەن نیهاد سابیر کاری بۆ کراوە کە ئێستا لە سەروبەندی تەواو بوونە، هەروابێتەوە یەکێك لەم چوار بەرهەمە گۆرانیەك لە ئاواز و هۆنراوەی سەرکەوت رەسولە کە ئێستا دوو گروپی میوزیك خەریکن کاری دابەشکردنی بۆ دەکەن دواجار کامیان بەدڵم بێت ئەویان تۆمار دەکەم، سێیەم گۆرانیش (سەفا) لە شیعری ئەحمەد مەحەمەد و ئاوازی خۆمە، دوا گۆرانیش لە شیعری شێرزاد شەیدا بندیان و ئاوازی خۆمە، دابەشکردنی مۆسیقا لە لایەن مامۆستا جەمال جەمیل کاری بۆ کراوە سەرجەم ئەم بەرهەمانە، لە ئایندەیەکی نزیك تەواو دەبێت.

★ رێژنە .: بە نیازی چۆن کاری کلیپ بۆ ئەم گۆرانیانەت بکەی، یان چۆن دەڕوانیتە کاری کلیپی هونەرمەندان؟

★ سروود .: لەم قۆناغەدا هونەرمەندان زۆر بە جورئەتەوە کاری کلیپ ئەنجام دەدەن دەکرێت بڵێم بەشێکیان ئامادەن قەرز بکەن تەنها کارەکانیان ئەنجام بدەن لەبەر ئەوەی هیچ کۆمپانیایەك یان کەرتێکی تایبەت نیە وەکو پێویست دەستی هونەرمەندان بگرێت و کارەکانیان بە گرێبەستێکی شیاو بۆ بڵاوبکاتەوە، لێرەوە زۆر بەداخەوە دەسەڵات و حکومەت بیری لە سەرجەم پرۆژەکان کردۆتەوە هەموو بوارەکان کە وڵاتێك پێویستی پێی هەیە لەم وڵاتەی ئێمە هەیە تەنها لایەنی هونەری نەبێت، ئەویش نازانم کەی دەبێتە بازرگانی بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە و سەرمایەیەکی چاك کۆبکاتەوە، ئێمە چەند راوێژکارێکی هونەریمان هەیە لە لایەن سەرۆکایەتی حکومەت تا ئاستێك کاریان کردووە بۆ ئەو گۆرانی بێژانەی کە دەتوانن لاسایی عەرەب و تورك بکەنەوە، بۆیە من دەست خۆشی لە هونەرمەندان دەکەم کە دەتوانن لە ژێر چەتری ئەم رەوشە کاری هونەری خۆیان بکەن، چونکە ئەوان

ناتوانن سانسۆر دابنێن لە بەر ئەوەی جارێ خۆیان سانسۆریان لەسەرە، منیش بە نیازم یەکێك لە گۆرانیەکانم کاری کلیپی بۆ بکەم ئەویش پێویستی بە کات هەیە.

★ رێژنە .: (سروود حاتەم) وەکو فەرمانبەرێك لە بەرێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیك کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریە تا چەند رازیە لە فەرمانگەکەی، یان تاکو ئێستا هاوکاری کراوە وەك فەرمانبەرێك لەم وەزارەتە ؟

★ سروود .: فەرمانگەکەم لە ژێر چەتری وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر کاردەکات، ئێمە وەکو بەرێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیك پرۆژەمان زۆرە ئەگەر رێگەمان پێ بدەن، بۆ نمونە ئێستا خەریکی ڤیستڤاڵێکی گەورەین بۆ کەرکووك کە زیاتر لە پەنجا هونەرمەند بەشداریان تێدا کردووە، من زۆر رازیم لە فەرمانگەکەم لە بەر ئەوەی هەر کارێکی هونەری پێ بسپێرن وەکو کۆنسێرت ڤیستڤاڵ دەتوانێت ئەنجامی بدات بە کورترین کات و کەمترین کلفە، بە نسبەت هاوکاریش من تەنها ئەمساڵ هاوکاری کراوم بە رێژەیەکی زۆر کەم دەکرێت بڵێم بەم رێژەیە دەتوانم گۆرانیەکی پوخت بەرهەم بهێنم ئەویش وەکو قومارێك بۆم دەرچوو.

★ رێژنە .: سروود حاتەم جگە لە کاری تایبەتی خۆی وەکو هونەر، سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری و هونەری (ڤالا) یە تا ئێستا ئەم سەنتەرە چی کردووە بۆ پەیامەکەی خۆی ؟

★ سروود .: بوونی ئەم سەنتەرە بۆ ئەمرۆی هونەری کوردی گرەوەکە بۆ هونەرمەندان و لاوان و بەهرەمەندان، لە ٢٠٠٦/٢/٢٨ دروست بووە تا ئەم قۆناغە زیاتر لە ٥٠ چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی یان بەخشینێك لە لایەن حکومەتەوە، تەنانەت کرێی بارەگاش، رۆژانە بەرهەمەکانی لە شاشە TV یەکان بلاودەکرێتەوە، بارەگای سەنتەر لە هەولێری پایتەختە، رۆژانە زیاتر لە ٢٠ موزیك ژەن و شاعیر و گۆرانی بێژ سەردانی دەکەن، ئێستاش کۆمەڵێك پرۆژەمان هەیە وەکو چالاکیەکی زیندوو بەڵام لەبەر نەبوونی ئیمکانیەت رامانگرتووە.

★ رێژنە .: بە پێی یاسایی ١٨ / ساڵی ٩٣ هەر کۆمەڵێك یان سەنتەرێکی لەم چەشنە مۆڵەتی هەبێت راستەوخۆ دەبێت بەخشین وەربگرێت، بەرێزتان دەکرێت ئاماژە بە هۆکاری نەبوونی بەخشینی سەنتەرەکەتان بکەیت ؟

★ سروود .: جارێ ماویەتی.

★ رێژنە .: دوا پەیڤت؟

★ سروود .: سوپاس بۆ بەرێزت کە لە هۆڵەنداوە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ئەرك کێشا بۆ ئەم دیمانەیە سوپاست دەکەم .